کونسوڵی گشتی جۆزێف پێنینگتۆن قسە لەگەڵ منداڵانی پەناپەری سوری دەکات لە خانەی هاوڕێی منداڵان، کەوا لەلایەن یونیسێفەوە بەڕێوەدەبرێت بەهاوکاری ئەمەریکا، لە کەمپی پەنابەران لەعەربەت نزیک سلێمانی لەڕێکەوتی 14ی حوزەیرانی 2015.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سەکردایەتی پاراستن و کۆمەککردنی قوربانیان و جێلەقبوانە لەسەرانسەری جیهان، وە گەورەترین تاکە کۆمەک بەخشە بۆ ئەو ئاژانسانەی یارمەتی مرۆیی پێشکەش دەکەن، بەدابینکردنی زیاتر لە 6 ملیار دۆلار لەساڵی 2014. پشتیوانیەکانمان بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان و چەندین ڕێکخراوی تری بەهاناوەچون لەعێراق خۆراکی پێویست بۆ ژیان و چاودێری تەندروستی و پەناگەو ئاوو پاک وخاوێنی و یارمەتی پاراستن لەخۆدەگرێت. لەو کۆمەکنەی تریش پشتیوانی ئەمەریکا بەکارهات بۆنۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی و فراوانکردنی قوتابخانەو پەرەپێدانی سیستەمی پالاوتنی ئاو لەو کۆمەڵگایانەی پەنابەرو ئاوارەکانی تێدا گیرساوەتەوە. ئێمە هەروەها پشتیوانی دەست پێشخەری بۆ ژنان و کچان دەکەین بەوانەشەوە کەوا ڕاهێنانی پیشەیی زمان پێشکەش دەکەن وەهەروەها ڕاهێنان لەبواری خوێنەواری و تەندروستی گشتی.

250,000 پەنابەری سوریا پەنایان هێناوەتە بەر عێراق و وە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٪96 یانی لەخۆ گرتوە وە نزیکەی 2,000 میلی چوارگۆشە زەوی بۆ تەرخان کردون بۆ دروست کردنی 11 کەمپ و شوێنی گواستنەوە. ئێمە دەستخۆشی لە کاری ماندونەناسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە فریاگوزاریەکان دەکەین کەوا بە ماندونەناسانەکار بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی مەترسی لەسەردەکەن. ویلایەتە یەکگرتوەکان بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی هەر ڕێگایەکی بەردەست بۆ پاراستن و هاوکاریکردنی خەڵکانی بەر مەترسی عێراق و سوریا.